## لە هەڵبژاردنەکانی سویدا

# هاوپەیمانییەتی چەپ و سۆشیالیستەکان سەرکەتوو نەبوون


**نامق هەورامی**

namqhawramy@Gmail.com



ڕۆژی ۲۰۰٦/۹/۱۷

**هەڵبژاردنی سەرتاسەری سوید بۆ دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی شارەوانییەکان دەستی پێکرد، ئەوەی گرنگە لەنێو ئەو پاڵێوراوانەدا کۆمەڵێک کورد لەلایەن پارتەکانی سویدەوە بۆ پەرلەمان و شارەوانی و پارێزگاکان کاندید کرابوون، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەیان بەسەر پارتەکاندا دەنگەکانیش پەرش و بڵاوبوونەوە و لەسەر ئاستی پەرلەماندا ئەو کوردانە بەخت یاوەریان نەبوو بچنە نێو پەرلەمانەوە.**





بەهرۆز


شیلان


شادیە


برایم



فردریک

## سروشتی پێک هاتەی کۆمەڵگەی سوید

کۆمەڵگەی سوید کۆمەڵگەیەکی کراوەیە وێڕای ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر پەناهەندەی وڵاتانی ئەوروپایی و ئەفریقیایی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدایە، بەڵام ئاستی ڕەگەزپەرستی بەو ڕادەیە نییە کە ئەو پەنابەرانە دووچاری توندوتیژی بەرچاو ببنەوە بە نموونە لەگەڵ وڵاتێکی وەک دانیمارکدا.

هاوکات پەنابەران لە سوید لە چاو وڵاتانی تردا زیاتر کامەرانن و لە نێو جڤاکی سویدیدا خۆیان دیوەتەوە و بەپێی ئامارێک کورد ٤ ٪ ی سیاسەتی سویدی بەڕێوە دەبات بەپێی ئەو کرانەوەیەی کە لەوێدا هەیە زیاتر زەمینە ڕەخساوە بۆ کوردە پەنابەرەکان تا لەنێو کۆمەڵگەی سویدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت و پارتەکان هەوڵی زیاتر بدەن بۆ بەدەستخستنی دەنگی کورد لە ڕێگەی کاندیدە کوردەکانەوە.

هەر بۆ نموونە لەنێو سۆشیال دیموکراتەکاندا ناوی وەک (تارا توانا و شیلان عەبدولڕەحمان و شادیە حەیدەری و دیاکۆ شێخ ئاغایی) دەردەکەون.

لە نێو پارتی سەوزیشدا (جەبار ئەمین و ڕێبوار حەسەن ) و لەنێو پارتی چەپدا (ئامینە کاکە باوە و بەهرۆز مەدحەت و سوعاد حەمیدیش) لە پارتی دادپەروەری سۆسیالیستەکان «rs» دا دەردەکەون.

## بەرەی ڕاست و بەرەی چەپ

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی سویددا دووبەرە لە کێبڕکێی هەڵبژاردندا بوون، بەرەی چەپ کە پێک هاتبوو لە پارتی چەپ و پارتی سەوز و سۆشیال دیموکراتەکان، بەرەی ڕاستیش لە پارتی مۆدێرات و فۆلک پارتی و کریستن پارتی و سەنتەر پارتی پێکدێت.

هەڵبژاردنەکانی ١٧ی سێپتەمبەر سەخترین هەڵبژاردنی دەیەی کۆتاییەکانی سوید بوو ، بە درێژایی ٧٠ساڵی ڕابردوو پارتی سۆشیال دیموکراتی سوید چەندین جار جڵەوی حوکمی ئەو وڵاتەی بە دەستەوە گرتووە و دوا جار تا ١٧ی سێپتەمبەر ئەوان لەسەر دەسەڵات بوون.



تارا

بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستڕەو کە چوار پارتی بوون بە ڕێبەرایەتی فردێرک ڕەینفێلدت نزیکەی ٤٨ ٪ ی کورسییەکانی پەرلەمانیان بە دەست هێناو لە بەرامبەردا پارتی سۆسیال دیموکراتی فەرمانڕەوا و هاوپەیمانەکانی ٤٦ ٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا پاش هەڵبژاردنەکان و جیاکردنەوەی دەنگەکان (پێرسۆن) دۆڕاندی پارتەکەی و هاوپەیمانەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا ڕاگەیاند لەبەرامبەردا فرێدریک ڕەینفێلدت کە سەرۆکایەتی بەرەی میانڕەوی نوێی دەکرد و بڕیارە ببێتە سەرۆک وەزیرانی سوید سەرکەوتنی پارتەکەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕاگەیاند.

## هۆکارەکانی شکستی سۆشیال دیموکراتەکان

سۆشیال دیموکرات و هاوپەیمانەکانیان کە پارتی چەپ و پارتی ژینگەبوون سەرنەکەوتن و لە یەکەم کاردانەوەدا (یۆران پێرشۆن) سەرۆک وەزیرانی سوید و سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی سوید دەست لە کارکێشانەوەی خۆی لە سەرۆکایەتی حزب ڕاگەیاند لەمەڕ هۆکاری ئەو شکستە لەو بارەیەوە


ئامین


ئەنداز

**خاتوو (تارا توانا) کاندیدی پارتی سۆشیالست دیموکراتی بۆ پەرلەمانی سوید گوتی:** لە ڕاستیدا هۆکار زۆرن لە پشت ئەم دەرنەچوونەوە، بەڵام جارێ پێویستە ئێمە لەناو حزبدا گفتوگۆی لەسەر بکەین و لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە بکرێت، بەڵام هەندێک شت هەن پێویستە ڕاشکاوانە قسەیان لەسەر بکرێت لەوانەش ئەو ئەجندایەی کە ئێمە هەمانبوو لەمەڕ سستمی کار و باجی کار، بەڵام شتێکی تر کە زۆر مایەی نیگەرانی بوو بۆ سۆشیال دیموکراتەکان هەڵسوکەوتی خودی (یۆران پێرشۆن) بوو کە هەردەم ئێمە وەک پارتێکی سۆشیالیستی ناسراوبووین، بەڵام لەم دواییانەدا خانوویەکی گەورەی کڕی بە چەند ملیۆن کرۆنیک کە مەبلەغێکی گەورەبوو ئەمە نە دەگونجا لەگەڵ ڕەوت و دروشمی پارتەکەماندا، لەلایەکی دیکەوە ئێمە خۆمان بە پشتیوانی چینی کرێکاران دەزانی، بەڵام پارتی مۆدێرات و هاوپەیمانەکانی خۆیان ناونا بەوەی کە پارتی کرێکاری مۆدێرنن و بەوەش توانیان سەرنجی زۆرێک لە دەنگدەران بەلای خۆیاندا ڕاکێشن.

## پارتی چەپ

یەکێکە لە هەرە نزیکترین ئەو پارتانەی کە داکۆکی لە دۆزی کورد کردووە لە پەرلەماندا ئەوەبوو (لارش ئۆللێ) سەرۆکی پارتی چەپ داوای کردووە ڕۆژی ٣/١٦ بکرێتە ڕۆژی جیهانی دژ بە چەکی کۆمەڵ کوژی جیهانی و قەرەبووی خەڵکەکەی بکرێتەوە لەگەڵ ئاشکرابوونی ئەو بەڵگەیەی کە باسی لە فرۆشتنی ١٨ کچی کورد دەکات لە سەردەمی ئەنفالەکاندا کە عێراق فرۆشتوونی بە میسر ولە یانە و مەلهاکانی شەوانی ئەو وڵاتەدا بەکاردێت، پارتی چەپ لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی داوە و دەڵێت: دەبێت حکوومەتی میسر بە فەرمی داوای لێبوردن لە کورد بکات.

دیارە بوونی کەسێکی چالاکی وەک (ئامینە کاکە باوە) کە پاڵێوراوی ئەو حزبە بوو بۆ پەرلەمان کاریگەری خۆی هەیە.

**ئامینە لەو بارەیەوە گوتی:** پشتیوانی هەژاران و گەلانی بن دەست و ڕێگەدان بە نیشتەجێبوونی ئەوانەی لە ترسی چەوسانەوە ڕوو لە وڵاتی سوید دەکەن بەتایبەت ئەو گەلانەی کە تا ئێستا وڵاتیان نییە وەک کورد و فەڵەستینییەکان.

مەسەلەیەکی تری زۆر گرنگ کە ئەم پارتە بە جدی کاری بۆ دەکات مەسەلەی ژنان و منداڵانە و بە باشکردنی دۆخی ژیانی ژنان و منداڵان دیارە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە دەڕوات.

(ئوله هۆفمان) ئەندامی پەرلەمانی سوید لە لیستی پارتی چەپ لە یەکێک لە دانیشتەکانی پەرلەماندا بە جلی کوردییەوە چوبووە کۆبوونەوەکە، **هۆفمان لەم بارەیەوە دەڵێت:** کە لە کوردستان گەڕامەوە لەکۆبوونەوەیەکی پەرلەماندا بە جلی کوردییەوە چوومە نێو هۆڵەکە بۆ ئەوەی سەرنجی میدیاکان و پەرلەمانتاران بەلای کوردا ڕاکێشم.

پارتی چەپیش بە هەمان شێوەی پارتی سۆشیالیست دیموکراتەکان لەو هەڵبژادنەدا نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ، لەم بارەیەوە **ئامینە کاکە باوە گوتی:** لەڕاستیدا ڕاستڕەوەکان سەرکەوتن هەرچەندە ئەجنداکەیان سەرمایەدارانەیە، بەڵام ئەمە بە مانای لەناوچوونی چەپەکان نایەت، ئەوەی لە پرۆگرامی ڕاستڕەوەکاندا بوو ئەوەبوو ئێمە لەنێو پەرلەماندا بسڕنەوە و نەیەڵن بوونمان هەبێت، بەڵام هەرچەندە سەرکەوتن، بەڵام نەیانتوانی ئێمە بسڕنەوە، پێویستە ئێمە لە خەبات بەردەوام بین، مەسەلە نەگۆڕەکانی وەک باشکردنی ژیانی هەژاران و یەکسانی ژن و پیاو داکۆکی لەسەر مافی نەتەوە بن، دەستەکان کە کورد یەکێکە لەو گەلانە بەردەوام ئامانجمانە و خەباتی بۆ دەکەین.

زۆرێک لە دڵسۆزانی دۆزی گەلی کورد و مرۆڤایەتی بەتایبەت خەمخۆرانی بواری ئەنفال و کیمیاباران لە ناوەوە و دەرەوە بەردەوام دڵتەنگی خۆیان بە ئێمە ڕادەگەیەنن، بەڵام بەوە دڵخۆشیان



دەدەمەوە کە ئێمە لە چیا پێشمەرگە بووین هاورێکانمان لەگەڵماندا شەهید دەبوون و نان و ئاو نەبوو بیخۆین، ئەوکات کۆڵمان لە خەبات نەدا و ئێستا لەم وڵاتە گەورەیەدا چۆن کۆڵ دەدەین، ئێمە پێویستە بە خۆماندا بچینەوە بۆ ئەوەی لە کەموکوورییەکانمان بڕوانین و چارەسەری بکەین، خاڵە باشەکانیش درێژە پێ بدەین، دڵنیام خەڵک لە ژێر باری گرانی



ژیان لە سایەی ڕاستڕەوەکاندا بەرنابات بۆیە لە ئێستەوە بۆ چوار ساڵی داهاتوو خۆمان ئامادە دەکەین.

## دەرەنجام

ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەرکەوت کە ڕاستڕەوەکان سەرکەوتن و چەپەکان دۆڕاندیان، هەرچەندە تا ئێستا دیاری نەکراوە کە کێن ئەوانەی دەچنە پەرلەمانەوە، بەڵام ئاکامی لیستەکان دیارە، لەم بارەیەوە **بەڕێز ئەنداز حەویزی کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازاڕی کار لە سوید گوتی:** سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ڕێکخراوی سیاسی لە ڕۆژئاوا بە چەپ و ڕاستییانەوە لە ناوەند نزیک بوونەتەوە و پتر وەک سۆشیال لیبراڵ و سۆشیال کاردەکەن، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، بێگومان هۆکارەکان گەلێکن کە بوونە هۆی ئەوەی ڕاستڕەوەکان جێگەی سۆشیال دیموکرات و چەپەکان بگرنەوە کە گرنگترینیان لە دیدی منەوە ئەمانەن:

١- گۆڕینی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بە جۆرێک کە خەرجی بیمە و مووچەی دوو هەفتەی یەکەمی نەخۆشی کارمەندی خستە ئەستۆی کار خودانەوە.

٢- بەردەوام زیادکردنی باج.

٣- زیادکردنی لە ڕادەبەدەری نرخی کارەبا.

٤- کۆی ئەم سێ خاڵەی سەرەوە بووە هۆی کزربوونەوەی داوا لە سەر هێزی کار و بەرزبوونەوەی بێکاری، ئەم کزربوونەوەیە لە کاتێکدا ڕوویدا کە بەرهەمهێنان لەگەشەدابوو، بازاڕ پێویستی بەهێزی کار پتربوو، جورئەت نەکردنی دامەزراندنی کارمەندی نوێ و هاودەم پێویستی زیادکردنی بەرهەمهێنان بووە هۆی ئەوەی کە ئەرکێکی زۆر بخرێتە سەرشانی کارکەران بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بازاڕ و ئەمەش لە خۆیدا بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی نەساغی و نەخۆشی ئەو چینە و زیادبوونی خەرجی بیمەی کۆمەڵایەتی وخراپ بوون و نزم بوونەوەی ڕادەی خزمەتگوزاری لە نەخۆشخانەکاندا و بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش سۆشیال دیموکراتەکان باجیان زیاد کرد.

٥- یەکێ لە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی بێکاری پترکردنی ژمارەی کورسی زانکۆکان بوو تا خەڵکێکی زیاتر بتوانن ڕوو لە خوێندن بکەن، لەم کارەشدا بایەخ نەدرا بە چەندایەتی و چۆنایەتی پێداویستی بازاڕ بە ئەکادیمیان و ئەنجام بێکارییەکی مەزن لەنێو لاوان و ئەکادیمیاندا بڵاو بوویەوە.

٦- نزم بوونەوەی پلەی زانستی کرێکاری سویدی بووە هۆی لاوازبوونی هێزی مونافەسەیان لە بازاڕی جیهانیدا وەک هێزێکی کاری پسپۆر و دیاردەی کۆچی کۆمپانیاکان بۆ دەرەوەی سوید بووە هۆی پتربوونی بێکاری.

٧- لەوەش گرنگتر ماندووبوونی خەڵکی سوید بوو لە حزبێک کە ١٢ ساڵە لەسەر حوکمە و ئارەزوو دەکرا ڕووخساری نوێ و بۆچوونی جیاواز بێنە سەر شانۆ و ئەمەش دیاردەیەکی باوە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا.



دیاکۆ



ڕێبوار



سوعاد